خەزانی پایز یان خەزانی سیاسی کوردستان ... حامی ئەحمەد عەلی

بەسەرکردنی ئەنجامی یەفراندەم و سەرکایەتی هەرەم بەهیچ شێوەیەك دەخی سیاسی هەرەم چارەسەر نابێت، بەڵکو ئەوەی دەرفەت بە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەهێنێت و چانسی ئەوەیان پێدەدات جارێکی تر لەفەرمانگە هەسمیەکاندا خزمەت بکەن دەست لەکارکێشانەوەی بەکەمەڵی هەرسێ سەرکایەتیەکەییە نەك سەرکردن، چونکە ئەم سێ دەسەڵاتە لەچارەسەرکردنی قەیرانەکاندا ئیفلیج بون، ئاگەیاندنی حکومەتێکی یزگاری نیشتمانی تاکە چارەسەرە لەئێستادا سەرکردەیەك مابێت ئەو کەشتیە لەکەناری ئارامیدا لەنگەر پێ بگرێت بەپێی بۆچونی زۆربەی کەسایەتیە نیشتمانیەکان (دکتۆر بەرهەم سالح)ە کەئێستا سەرکردایەتی قەوارەیەکی سیاسی دەکات ئەو لەتوانایدا هەیە قەرەبوی ئەو شکستە ناوخۆیی ودەرەکیەی هەرێمی کوردستان بکاتەوە، ئەو پرسەیەی کەبوە هۆکاری ماوەرانی دەیان و هەزاران خێزانی ناوچە جێناکۆکەکان و شەهید بونی چەندین پێشمەرگەی قارەمان کەچی لەماوەیەکی کورتدا پرسەکەیان سەکرد بە ئەوەی زیندوی نەکەنەوە لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینیەکان وای بێ دەچن لەژێر فشاری سیاسی عێراقدا ئەنجامەکانیشی هەوەشێننەوە، تێکچونی دەخی سیاسی هەرەم تەنها کاریگەری لەسەر ژیانی ئەو کەسانە هەیە کەخاوەن داینەمۆی هەموو شۆڕش و ئاپەڕینێکی جەماوەرین، ناکرێت ئەم ووتاتە بەم شێوەیە لەسوڵێکی داخراوی شەڕ و کوشتارو برسیکردن و پێشێلکردنی مافی فەرمانبەران بەنەدانی موچەکانیان و هەبژاردنی بەدەنگی ودرێژەدان بەحکومانی نایاسایی و ماوەبەسەرچوو تێپەڕاندرێت، دواوی سەرەکی ئەم بارودۆخە ئەزمونی حکومانی کوردستان نەتەوەکەمان بوو دوای ئەو شکستە گەورەیەش هێشتا پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرەم لەخەوی حکومانی حیزب هەنەساون و تاهەنوکەش دەست بەرداری گوتاری پەرش و بڵاوی و تاکەوانە نەبون ئەوەتا هێندە کێبونەوەو دانوستان لەسەر ئاستی حیزبی بونی هەیەو هیچ بایەخێك بەگوتاری یەکێیزی و گۆڕانەوەی دەسەڵات بە سەروەری یاسا تائەم ساتەش بونی نیە، هەرسەرکێك گۆڕایەی خەم و ئازارەکانی میللەتەکەی خۆی نەبێت بەدڵنیاییەوە ناشتوانێت سەروەری مێژویی بۆخۆی تۆماربکات، بەردەوام بون لەسەر هەڵەکانی ڕابوردوو سوربون لەسەر سیاسەتی تاکەوانەو نابەرپرسیارانە جێگای قبوڵ کردن نیە، دەبێت بەزوترین کات تەسلیم بە ئیرادەی میللەتەکەمان ببن

نەوەك لەژێر فشاری دەرەکی ونبوودەوەتی و هەرێمیدا بەشاراوەیی و دوور لەمیکانیزم و ڕێوەسمی فەرمیانە دانوستان و کۆبونەوە ئەنجام بدەن، ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە سەلماندیان تەنها لەکاتی مەترسی خۆپیشاندان و داواکاری هەوای دەستەجەمعی هاوڵاتیانی کوردستاندا باسی یەك ڕیزی دەکەن و بەکرداری پێوەی پابەند دەبن، بۆیە چیتر نابێ مافی بەرگریکردن و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و ناوەندی بۆیاری نیشتمانی لەدەستی ئەواندا بمێنێت.

لەمێژوی حکومڕانی ئەو دوو پارتە دەسەڵاتدارەی هەرێمدا تێبینی کراوە تەنها لەساتەوەختی دروستبونی مەترسی جدی لەسەر بەرژەوەندی تایبەتی حیزبیان کۆبونەوەو لێدوان و پەیام لەسەر یەکگرتوی نیشتمانی و تەبایی کۆمەڵایەتی دەدەن و پابەندیش دەبن پێوەی، بەپێچەوانەوە بینیومانە لەهەموو ساتەوەختەکانی پێویستی کورد بە یەك ڕیزی و یەك گوتاری گەڵاونەتەوە بۆ هەڕەشەوەی سەرجەم ناکۆکیەکانی ئابووردوی نەوانیان و میدیاکانیان خستۆتەکار دژی یەکتر وەك ئەوەی لەدوای ڕووداوەکانی شانزەی ئۆکتۆبەرەوە دەیبینین، بەمەش نەك فاکتەری پاراستن و بەرگریکردن نەبون دژی ئەو هەڕەشە دەرەکیانەی ڕووبەڕووی ئاسایشی نەتەوەیمان بوەتەوە بگرە هەمیشە قوربانیدان و شەهیدبونی پێشمەرگەشیان بەفیڕداوە.

لەاستیدا ڕیفراندەم فاکتەرێك بوو دەرگاکردنەوە لەو شەرە سەپێنراوەی نەوان هێزەکانی پێشمەرگەو حکومەتی ناوەند ئەگینا ئەجێندای ئەو شەڕە پێشتریش ئامادەکرابوو هەردەبوو بۆ لاوازکردنی پێگەی سیاسی و ئیداری کورد بکرێت، کاتێك گەل بۆیاریدا مافی گەلەچێن بیەوێت دانوستانی لەسەر بکات (ڕیفراندەم کراو بوو بەبۆیاری خەڵکی کوردستان) دەیان لێدوانی سەرکی هەرێم لەو ڕووەوە دەکیەمێنت کراوە کەچی واخەریکە بەتێپەربونی کات و نزیکبونەوەی پریشکی ئەنجامەکانی ئەو شەڕەو ئەو قەیرانەی کەلەدواجاردا کەلەپچەکەی لەگەردنی هاوڵاتیانەوە بەرەو گەردنی سەرکردایەتی سیاسی کورد پەل دەهاوێت، دەیانەوێت پرسەکە هەڵوەشێننەوە.

ئێستا پرسیاری شەقام و ڕۆشنبیران دەبێت ئەوە بێت ئەوەی وتتان جێبەجێی کەن پرسیار لەخەڵك بکەن بزانن هەزامەندن لەسەر ئەوەی وەك چێن بەویستی تاکەوانە پرسەکەتان ئەنجامدا بەتاکەوانەش دەتانەوێت قەناغ بەقەناغ ئەو بڕوانامە ناوخۆییەی کۆمەڵانی خەڵك بکەنەوە بەنەبوو، هۆکارەکەشی زۆر ڕون و ئاشکرایە کەتینتان بۆ هاتوەو ئەوەش بەهۆی دواکەوتوی عەقڵی سیاسی و ئەزمونی حکومڕانیتانەوە کەنەتان توانی پێشبینی ئەم دۆخە بکەن کەهێشتا

لەئەلف و بێی شوێنەوارە مەترسیدارە کانیداین، گەرمایی ئەو قەیرانە دروستکراوەو ئەو شەڕە نەخوازراوە زۆر نزیك بوەتەوە لەبەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆتان، حکومەتی ناوەندی لەسەرەتای بینینی موچەی فەرمانبەرانەوە بەلێدوانی هەسمی تەنها لەیەك کەناڵەوە کەحکومەتە خاوەنی قسەی خۆی بوەو لەیەك وشەی خۆی یەك مەرجی خۆی پەشیمان نەبوەتەوە هەروەها لەسەرەتای تەنگژەی پرسەی ئاپرسیەوە تەنها مەرجی ئەوەبوو ئەم پرسەیە ئەنجام نەدرێت کەئەنجامیش درا تەنها مەرجی بێ دانوستان هەوەشانەوەی ئەنجامەکانی یفراندم بوو.

عەبادی لەووتەیەکیدا لەڕۆژنامەی (“Wall Street Journal)دا دەڵێت; هەموو لایەك دڵنیادەکەینەوە بەتایبەت ئێرانی دراوسێمان و ئەمریکای هاوپەیمانمان پشتگیری لەپشوازی هاوکاریەکانتان دەکەین بەڵام تکایە کێشەکانتان مەگوازنەوە بۆ عێراق هەروەها ڕێگە بەهیچ کەسێك نادەین دەستوەردان لەناوخۆی عێراقدا بکات، لەپەیامێکی توندا بەرامبەر بەکورد دەڵێت ئەگەر بەردەوام بن لەکوشتنی سەربازی عێراقی دەبێت بەرپرسیاریەتیەکەی بگرنە ئەستۆ و ناچارمان دەکەن جەنگێکی هەمەلایەنە لەدژتان ڕاگەیەنین، بەهەزارەها گرێبەستی نایاسایی نەوت و غاز دوور لەچاوی دەسزان و خەمخۆران و کەسانی پسپۆڕو ئەکادیمی لەژێر نەشتەری ئەم گوتارەی عەبادیدا هەڵدەوەشێتەوە.